# بەڕێوەبردنی پرۆژەی سەرکەوتووی ئاجایڵ و بنچینەی کاری سکرەم

## دامەزراوەی بە دەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران (GIoD)




Website: www.iraqi-iod.org
Email:info@iraqi-iod.org
Contact number: +964 (0) 750 8787872 - +964 (0) 750 8787873

## پێشەکی

بەڕێوەبردنی پرۆژەی ئاجایڵ ڕێبازێکە لەسەر ئەو بیرۆکەیە بنیات نراوە کە دەبێت پرۆژەکان توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو پێداویستییانەی کاردا هەبێت کە هەمیشە لە گۆڕاندان. بۆ کەمکردنەوەی مەترسی، بەشەکان بۆ کاتی کەم و جیاواز دانراون. چەندین شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆژەی ئاجایڵ بە تێپەڕینی سالان سەریان هەڵداوە. هەر وەکو سکرەم، ئێکس پی، و ئێف دی دی، و لە سەرەتای سالانی 1990 هـکانەوە بەکار هێنراون.

سودی ئاجایڵ وەکو ڕێبازێك بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی نەرمەواڵ لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. گارتنەر پێشبینی ئەوە دەکات کە تاکو کۆتایی ساڵی 2020، ڕێبازەکانی گەشەپێدانی ئاجایڵ لەسەر 95% ی هەموو پرۆژەکانی گەشەپێدانی نەرمەواڵ بەکار دەهێنرێن. توێژینەوەکەی پەیمانگەی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان ئەوەی دەرخستووە کە ئاجایڵ خاڵی لاوازی بەرهەمەکان کەم دەکاتەوە، بەرهەمداریێتی تیمەکان باشتر دەکات، و بەدەستهێنانی بەهای بازرگانی زیاتر دەکات.

ئەم کۆرسە زانیاری پێویست لەسەر ڕێبازی ئاجایڵ دەخاتە بەر دەست و بەهرە و ئامراز و تەکنیکە پێویستەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی پرۆژەکە بە بەکارهێنانی ڕێسا و بۆچوونەکانی ئاجایڵ دەخاتە ڕوو. هەروەها لەم کۆرسەدا لە بناغەی سکرەم تێدەگەیت و بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی نەرمەواڵی سەرکەوتوو پراکتیزەی بەرهەم و کارەکانی دەکەیت.

## ئامانجەکان

- تێگەشتن لە بیرۆکەی گەشەسەندنی ئاجایڵ
- تێگەشتن لە تەکنیکەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکان لە کاتی خۆی و بە بوودجەی تەرخانکراو
- پێداچوونەوە بە ناساندنی ئاجایڵ، ڕێساکان، بەڕێوەبردنە گۆڕانکارییەکان، لەپێشخستن، چاوەڕوانییەکانی خاوەن پشك، بەهێزکردنی تیم، ئاستەکانی گونجاندنی پلانەکان و زیاتر و زیاتریش
- تێگەشتن لە بنچینەکانی هەر جۆرە بەڕێوەبەرێکی ئاجایڵ، لێکچوون و جیاوازییەکانیان، چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیکە بەردەستەکان، و بەڕێوەبردنی ئاجایڵ چی ڕۆڵێکی لە پرۆژەیەکی ئاجایڵدا هەیە
- دڵنیابوونەوە لە توانای بەردەوامیی پەرەپێدانی پرۆژەیەکی ئاجایڵ، خۆمان، تیمەکان، کلتور، ڕێکخراو و لایەنەکانی تر، ئیتر چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ
- تەواوکردنی گەشەپێدانی ئاجایڵ، کە لە بەهرەکانی بنیاتنانی تیمی بەهێز و پلاندانان و خەمڵاندنی کاریگەر دەکۆڵێتەوە
- تێگەشتن لە بنچینەکانی سکرەم و کار و بەرهەمەکانی
- فێربوونی ڕۆڵە جیاوازەکانی پرۆژەی گەشەپێدانی نەرمەواڵ و چۆنیەتی دروستکردنی باشترین تیمی سکرەم

## پێویستە کێ ئامادەبێت؟

- **تیمی پرۆژەی نەرمەواڵ، بەڕێوەبەری پرۆژەکان، بەڕێوەبەرە کارگێڕییەکان، شارەزای سیستەمەکان، شارەزای کار و بازرگانی، و ئەو تاکانەی بۆ زانیاری لە سەر پرۆژەی بەڕێوەبەری ئاجایڵ دەگەڕێن.**
- **بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیای زانیاری، بەڕێوەبەری زانیارییەکان، بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا و خاوەن پشکەکان. ئەو بەڕێوەبەرە نوێیانەی ئەڵوەدای تێگەشتنن لە لایەنە سەرەکییەکانی ئاجایڵ و سکرەم و بیرۆکەی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بۆ پێشخستنی بەهرە و متمانەی پیشەییان. ئەم کۆرسە وا دانراوە کە زانیاریگەلێك ببەخشێتە پیشەگەران کە بتوانن لە کارەکانیاندا جێ بە جێی بکەن.**

## پوختەی کۆرس

**بەشی 1**

1. بیرۆکە بنچینەییەکان و وشە تایبەتمەندەکانی پرۆژە و بەڕێوەبردنی پرۆژە
2. ئاجایڵ چییە، و بۆچی پێویستمانە؟
3. پەیڕەو و ڕێساکانی ئاجایڵ
4. شێوازەکانی گەشەپێدانی نەرمەواڵ
5. ڕێبازەکانی ئاجایڵ

**بەشی 2**

1. گواستنەوە لەسەر بنەمای بەهاکان
2. بەڕێوەبردنی خاوەن پشك
3. کارەکانی تیم

**بەشی 3**

1. پلاندانانی ئاجایڵ
2. چارەسەرکردنی کێشەکان
3. پێشخستنی بەردەوام
4. تاکتیکەکانی ڕیزبەندی دانان

**بەشی 4**

1. سکرەم چییە؟
2. بۆچی پێویستمانە؟
3. ڕۆڵەکانی سکرەم
4. چالاکی و بەرهەمەکانی سکرەم
5. سپرینت چییە؟
6. "کرا" چییە؟

**بەشی 5**

1. ڕێبازی دەستپێکردنی خێرا
2. بە سەنتەر دانانی کڕیار
3. جەخت لەسەرگەیاندنە بەهاکان بکرێت
4. بیرکردنەوەی بەرز خوازانە
5. بنچینەی داهێنان

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**


**ئۆفیسی بەغداد: کەڕادە، گۆڕەپانی عقبە ابن نافع، بینای وێستگەکە**

**ئۆفیسی هەولێر: شەقامی گوڵان، بینای یەکێتی بازرگانی و پیشەسازی، نهۆمی چوارەم**

info@iraqi-iod.org

**00964 (0) 750 8787872**
**00964 (0) 750 8787873**